## کتێبی مێژویی

# خورشیدی خاوەر و خەزانی چین

له نوسینی: سەید عەلی رەحیم پوور

www.ketab.ir

| | | |
|---|---|---|
| سرشناسه | : | رحیم‌پور، سیدعلی، ۱۳۰۱ - |
| عنوان و نام پدیدآور | : | کتیبی میژویی خورشیدی خاوەر و خەرامانی چین/ لەنوسینی سەید عەلی رەحیم‌پوور. |
| مشخصات نشر | : | بوکان: آژوان، ۱۳۹۲. |
| مشخصات ظاهری | : | ۲۰۶ ص. |
| شابک | : | 978-600-94312-8-1 |
| وضعیت فهرست نویسی | : | فیپا |
| یادداشت | : | کردی. |
| موضوع | : | داستان‌های کردی -- قرن ۱۴ |
| رده بندی کنگره | : | ۷۴۵س/ PIR۳۲۵۶ ۱۳۹۲ ۲۷ر |
| رده بندی دیویی | : | ۸۱فا۹/۲۳ |
| شماره کتابشناسی ملی | : | ۳۴۱۴۴۲۱ |

انتشارات آژوان

بوکان صندوق پستی : ۱۳۱ - ۵۹۵۱۵

تلفن: ۰۹۱۴۳۸۲۲۱۳۹

**ناسنامەی کتێب**

**ناوی کتێب:** خورشیدی خاوەر و خەرامانی چین

**نووسەر :** سەید عەلی رەحیم پوور

**پیت چین:** سەید رەحیم رەحیم پوور

**بە پرسی چاپ:** حامید قودرەتی

**دیزاینی ناوە رۆک :** لە یلا نە وید فەر

**ڕووبە رگ:** : سەحەر سوبحانی

**شابک:** ۱-۸- ۹۴۳۱۲ – ۶۰۰ - ۹۷۸

**چاپ و بڵاوکردنە وە:** بوکان ئینشاراتی ئاژوان

**نۆرەی چاپ:** چاپی هەوەل- ۱۳۹۴ هەتاوی

**قیمت:** ۱۵۰۰۰ تومن

**نە ژمار:** ۱۰۰۰ دانە

# پێشەکی:

بۆ هەموو کەس دیار و ئاشکرایە کە کاک سەید عەلی ڕەحیم پوور هونەرمەندێکی بەتوانا و لێهاتوویە وە لە تەمەنی رابردووی خۆیدا توانیویەتی بە هونەر و کلتوری کوردی بخاتە گەڕ و سەرەڕای هەموو تەنگ و چەڵەمەی و سوێری زۆر کە چاشتوویەتی لە هەموو بوارەکانی هونەردا کارامەیی خۆی نیشان بدات و شێعرەکانی لە بارەی وڵات و خۆشەویستی و جیاوازی چینەکانی خەڵک و دزێوی و ناحەزی و گیر وگرفتەکانی کۆمەڵ و سروشت و جوانی و باسی دینداری و وەسفی پێغەمبەر و ستایشی خوا و خزمەتی دایک و باب ودڵداری و لاواندنەوە و هەزاران بابەتی تر بە هەست و بیری قووڵی خۆی وە وەرگرتن لە سەرچاوەی ئیلهام بنەخشێنێ و ببێتە زرینگاندنەوەی گوێچکانی خەڵک و سۆزی دڵان و شەوچەلەی دۆستان و کۆمەڵانی خەڵک.

تەنانەت دەتوانم بڵێم کاک سەید عەلی ئاوێنەیەکی ڕوون و ئاشکرای دڵی چینەکانی خەڵک و بگرە لە منداڵ و گەنجان و پیران لە چینی ژن و پیاو دابوە کە هەمووی دەگەڕێتەوە سەر تەجرەبە و هەوڵی بە نرخی خۆی لە ژیانی رابردوویدا.

دیارە لە سەر ئەم بابەتەشدا (خورشیدی خاوەر) زۆری زەحمەت کێشاوە و شەونخونی زۆری چاشتووە تا توانیویەتی بە چەشنێکی

ڕێکوپێک و سەرکەوتوانە وەک ڕووبارێکی ڕوون و جۆگەی زانست و بیر و ڕای من ئەو کارە دارێژانێکی پتەو و بەهێزە.
ئەوانەی لە گەڵ هونەر تێکەڵاون دەزانن چەند دێڕێکی شێعر بە مانا و واتەی تەواوی (شێعر) چەند سەختە وتەنانەت جاری وا هەیە بۆ وەدەستهێنانی دێڕێک یا پیتێک بە سەعات یا ڕۆژیش ماندوو بوونی پێشکەش دەوێ،نەخوازا بەرهەمێکی ئاوا دوور و درێژ چەند لاپەرەیی بە ڕاستی من ماندوو نەبوونی پێ دەڵێم و هیوادارم کەڵکی پێویستی لێ وەرگیرێت.

شنەی بایە وبەت ئەی گەوهەر و شاسواری کورد
شێعرت سۆزی عاشقە و تیغی جەوهەرداری کورد
کە بچریکێنی جارێـــک بولبولی خۆشخوانی من
دێتە ڕەقس و سەما گوڵـــشەن و گوڵزاری کورد
ڕەحیم پوور و جریکەی ئەو لە بەزمی دڵخۆشان
نوقڵی مەجلیسانە و شەوچەلەی نێو تالاری کورد
کوا قەلەندەر بوی دەکرێ وەسفی ئەو هونەرمەندە
خاو دەزانێ پوختە چۆنە؟ گەلی هۆشیاری کورد

ڕەسووڵ خزری (قەلەندەر)
سەردەشت - ۱۳۹۴ هەتاوی

هەزار ئافەرین بۆ سەید عەلی
بە فیرۆزی ئەدا زەمان و هەلی
خورشیدی خاوەر بە شێعر و هەڵبەست
گشتی نووسیەوە ، خاوەن بیر و هەست
یارەب بێوەی بێ ژین و ژیواری
مەزهەری خێرە لە کوردەواری

دیارە ئەم کاری هونەرمەندی بەرێز کاک سەید عەلی رەحیم پوور کارێکی زۆر گرنگ و بایەخدارە کە توانیویەتی داستان و بەسەرهاتی ((خورشیدی خاوەر)) بە زمانی شیرین و پاراوی کوردی بە شێوەی شێعر و هەڵبەست بهۆنێتەوە.
بە جێیە کە سوپاس و پێزانینی خۆم ئاراستەی ئەم هونەرمەندە بەرێزە بکەم.

محەممەد ئەمین ئەمینیان
سەردەشت — ١٣٨٩ی هەتاوی